تۆ لە بەڵجیکا دەژیت بەس تۆ ڕەگەزنامەی بەڵجیکیت نییە وە تۆ یەکێک یان زیاتر لەم شتانەی خوارەوەت بەسەر هاتووە:

- تۆ کە هاتیە ئێرە ئەوەی پێیان وتبوی کە لەم وواڵاتە هەیە وانەبوو.
- تۆ بە کرێ گیراویت کە هەندێک شت بکەیت کە خۆت حەزت لێی نییە.
- ئەو پارەی کە دەتدەنێ زۆر کەمترە لەو پارەی کە قەوڵ وابوو بتدەنێ، وە یان پارەی کارکردنت پێ نادەن وە یان پارەیەکی کەمت پێ ئەدەن.
- تۆ کرێ کرابووی کە ئیش بکەیت بۆ ئەوەی پارەی قاچاخچی و شتەکانیتر کۆبکەیتەوە وەیان تۆ ئیشت دەکرد چونکە ئەم قاچاخچیانەی کە تۆیان هێنا بۆ ئێرە داوایان لێت کرد کە ئیش بکەیت.
- تۆ یان خێزانت هەڕەشەیان لێکراوە ، وە یان تۆ لەبەر شەڕ و تووندوتیژی هەڵاتوویت.
- ناسنامە و بەڵگەنامەکانی تۆیان لێت ستاندووە وە یان دەستیان بەسەردا گرتووە.
- زۆربەی وەخت تۆ لە مااڵەوەیت و نایێیتە دەرەوە . ژیانت هەموو بریتیە لە تەنیایی و لەگەڵ خەڵک تێکەڵ نابیت.
- تۆ هاتیتە بەڵجیکا دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە ڕێگای قاچاخەوە بوویت وە پارەیەکی زۆرت سەرف کرد ، وە تۆ یەکێکی لەو کەسانەی کەوا لە دەست تووندوتیژی هەڵ هاتوویت وە یان ژیانت لە مەترسی دایە.

ئەگەر بتەوێت خۆت وە یان ئێمە دەتوانین تەلەفۆن بکەین بۆ سەنتەرێک کە تایبەتە بە وەرگرتن و ئاموژگاریی پێدان بۆ ئەو کەسانەی کەوا بوونە بە قوربانی دەستی قاچاخچی و زەرەریان کردووە.

PAG-ASA : ☎ 02/511.64.64 – Brussels – info@pag-asa.be
PAYOKE : ☎ 03/201.16.90 – Antwerp – admin@payoke.be
SÜRYA : ☎ 04/232.40.30 – Liège – info@asblsurya.be

سەنتەرەکانی وەرگرتنی ئەو کەسانەی کە زەرەریان کردووە چی بۆ تۆ دەکەن؟

ئەو سەنتەرانە دەتوانن ئەم شتانەی خوارەوەت بۆ بکەن:

- شوێن و جێگەیەکت بۆ دابین بکەن:
- دەتوانن یارمەتی و خزمەتی هەمەجۆرت بۆ پێشکەش بکەن (وەکو یارمەتی پزیشکی و دەرمان، یارمەتی کۆمەڵایەتی ، یارمەتیدان لە ئارامکردنەوەی دەرونت، وە هەروەها یارمەتی یاسایی (دابین کردنی پارێزەر)).

هەروەها ئەم سەنتەرانە پێت دەڵێن تۆ چۆن دەتوانیت بە شێوەیەکی قانوونی لە بەڵجیکا بمێنیەوە. بەس بە مەرجەک کە زانیاریی بدەیت بە پۆلیس لەسەر ئەو کەسانەی کە تۆیان بۆ بەڵجیکا هێنانەوە و فێڵیان لێت کردووە.

سەبارەت بەم مەرجە تۆ کاتی زیاترت پێدەدرێت بۆ ئەوەی بە ئیسراحەت بیر بکەیتەوە لەدوای ئەوەی سەنتەرەکە خۆی سەرپەرشتیت دەکات.

سەنتەری وەرگرتنی ئەو کەسانەی کە بە قاچاخ هاتوون ٢٤ کاتژمێر کراوەیە وە دڵنیابە ئەو سەنتەرە بە باشی وەاڵمت دەداتەوە.

PAG ASA
Cellebroersstraat, 16,
Rue des Alexiens
1000 Brussel/Bruxelles
☎ 02/511.64.64
02/511.58.68
info@pag-asa.be

payoke
Leguit 4
2000 Antwerpen
☎ 03/201.16.90
03/233.23.24
admin@payoke.be

asbl SÜRYA
Rue Rouveroy, 2
4000 Liège
☎ 04/232.40.30
04/232.40.39
info@asblsurya.be